The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# کوردینه ....فریای شۆڕشی بەردی شاری مەهاباد بکەون

کۆمەلآنی خەلکی کوردستان

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان

لایەنە سیاسییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان

کۆڕو کۆمەڵە جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان .

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

## خۆشەویستان

ئەوە چەندین ڕۆژە خەلکی شاری مهاباد ڕاپەڕیوون دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران , شار سیمای شۆڕشی بەخۆوە گرتووە , تا ئێستا 2 شەهید هەیە و سەدان کەسیش زیندانی کراوە , مانگرتنی گشتی بەردەوامە , تا ئێوارەی ئەمڕۆ 18-7 ڕاپەڕین لە شاری مهاباد درێژەی هەیە , شەوانە تەجاوز بە ئافرەتانی کورد دەکرێت لە لایەن پاسدارەکانەوە , کە لە ناوچەکانی دیەکی ئێرانەوە هێنراون بۆ شار . شار و دەوروبەری سیمای حکومەتی نیزامی بەخۆوە گرتووە , شۆڕشی بەرد لە لایەن جەماوەرەوە لەشاری مهاباد دەستی پیێ کردووە .

ئەم ڕژێمە کۆنەپەرستە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر لەئاستی جیهانی بەتاق کەوتۆتەوە و بیێ پشت و پەنایە , ئێستا بۆ درێژە دان بە تەمەنی خۆی کەوتۆتە سەرکوتی خەلکی شاری مهاباد .

بێدەنگی ئێمە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاواڵە دەکات لە سەرکووتی ئەو خەلکە تێکۆشەرە. بۆیە داوا لە هەموو لایەك دەکەین :

- لە هەرشوێنێك هەن کۆڕو کۆمەلەی هاوپشتی لە گەڵ خەلکی شاری قارەمانی مهاباد پێك بهێنن .

-خۆپیشاندان بۆ بەردەم سەفارەتخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێك بخەن و ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بسوتێنن .

-ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهان لەم سەرکووتە ئاگادار بکەنەوە .

– پێویسته  هێزه سیاسییه كوردستانییه‌كان فریای ئه‌و خه‌ڵكه بكه‌ون , بۆ ئه‌م مه‌به‌سته پێویسته هه‌ردوو پارته ده‌سه‌ڵاتداره‌كه‌یی كوردستانی باشوور كۆتایی به زیندانی كردنی پارته‌كانی كوردستانی خۆرهه‌ڵات بهێنن ده‌ستیان ئاواڵه بكه‌ن له‌وه‌ی فریای ڕۆڵه‌كانی مهاباد بكه‌ون .

– پێویسته جه‌ماوه‌ری كوردستانیش فریای خه‌ڵكی شاری مهاباد بكه‌ون , هه‌موو كات ئه‌وان پشت و په‌نای كوردی پارچه‌كانی دیكه‌ی كوردستان بوونه, ئه‌مڕۆ چاوییان له به‌ده‌نگه‌وه هاتنی ئێوه‌یه .

–سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان و ئه‌و په‌رله‌مانتارانه‌ی سوێندییان به پاراستنی  به‌رژه‌وه‌ندی خه‌ڵكی كوردستان خوارد , ده‌بێت ئێستا به‌رامبه‌ر به كوشت و بڕ و ڕاپه‌ڕینی خه‌ڵكی مهاباد هه‌ڵوێست وه‌ربگرن .

– ناوه‌ندێكی یه‌كگرتووی هه‌واڵ پێك بهێنن و هه‌واڵه‌كانی شار به زمانه جیاجیاكان بڵاوبكه‌نه‌وه .

## ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه دژ به ئه‌نفال و جینۆسایدكردنی گه‌لی كورد–

## چاك(كۆمیته‌ی خۆرهه‌ڵاتی كوردستان) 18–7–2005

**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**